# ( زمانی یەکگرتوو ) گرنگترە لە ( ماددەی 140 )

**موحسین جوامێر**
mohsinjwamir@hotmail.com

لە ژمارە 189 ی ڕێکەوتی 2007/05/16 ی ڕۆژنامەی ( ئەڤرۆ )ی هێژادا، خەبەرێک بەم جۆر و دەقە بڵاو بووەتەوە : " د کونگرەیەکی رۆژنامەڤانی دا گروپێ گوهرینێ ل دهوکی خویا کر ل قوناغا ئێکی مە بەیاننامەیکە دا بو هەمی جهین پەیوەندیدار و د بەیاننامێ دا مە داخاز کربو زاراڤێ کرمانجی ل خواندنگەهێن دەڤەرا بەهدینا ن و دام و دەزگەهێن میری بهێتە خواندن، لی چ بەرسف لەسەر بەیاننامە مە نەهاتن، لەوما بو قوناغا دووێ 20 هزار ئیمزا ژ هەمی تویژین جفاکی و ل سەر هەمی ئاستان و دێ د گەل بە یاننەمەکا دی رەوانە کەین بۆ سەرۆکاتیا هەرێمێ و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی. خواندنا زاراڤێ کرمانجی ب مافەکی رەوایێ خەلکی خۆ دزانین "..

پیاو کاتێ بابەت و خەبەری ئاوا دەخوێنێتەوە، لە کوردایەتیی هەموو کوردێک دەکەوێتە گومان وکەسی بە کورد بۆ نامێنێتەوە، هەتا خۆیشی.. خەریک دەبێ تەسدیقی ئەو قسانەی دوژمنانیش بکات کە دەڵێن کورد خەسڵەتی ئۆمەتیان تێدا نییە، تەنیا بریتین لە تیرە و عەشرەتی لەگەڵ یەک نەگونجاودا.. دەنا مانای چییە تۆ لە ڕووی زمانێک ڕاست بیتەوە، هەشتا ساڵە ڕەسمییەتی خۆی وەرگرتووە و هەموو شتێکی پێ نووسراوەتەوە؟ ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە ڕووی زمانی پەتیی کوردیدا، چ جیاوازیی لەگەڵ هەڵگەڕانەوەی مووسڵاویان - بۆ نموونە - هەیە لەڕووی زمانی عەرەبیدا.؟! کامەیان بۆ خەڵکەکەی زەحمەتترە یان ئاسانترە؟

هەڵە نیم ئەگەر بڵێم پێش چەند ساڵێک ڕۆژنامەی ( ئەڤرۆ )ی بەڕێز تازە دەردەچوو، کاتێ خەبەرێکی لەو شێوەیە بڵاو کردەوە، تیایدا هاتبوو گوندێن بەرواری باڵا - وا بزانم - عەریزەیەکیان تەسمیلی لێپرسراوان کردبوو، تێیدا داوایان کردبوو کە چیتر نایانەوێت بە سۆرانی بخوێنن، چونکە تێی ناگەن، لە کاتێکدا هەتا ئەوێ ڕۆژێ بەو زمانە ڕەسمییە خوێندوویانە و هەموو بلبل بوون لێی.. ئەمە چ هەڵوێستێکە و چ تامێک بۆ یەک پارچەیی کورد و عەنعەناتی کوردایەتی، دەهێڵێتەوە، جگە لەو سەرەنجامە پڕشوومە قێزەونەی - حەتمەن - لە دواڕۆژێکی نزیکدا لێی دەکەوێتەوە، کە ئەویش دوو میللەتییە لە قوناغی یەکەمدا، پاشان (والحبل علی الجرار)؟!.

هیچ بەدووریش نازانرێ حیزبە ئێراقییەکان لەمەوپاش لەسەر ئەم تەوەرە یاری بکەن.. بگرە تورکیایش، چونکە لەو سەروبەندەدا زاراوەی سۆرانی و بادینی پەیتاپەیتا شوێنی کوردی دەگرنەوە.. ئەوجا لەجیاتی ئەوەی کورد کوردایەتی بکا، بادینانییەتی یان کرمانجییەتی یان سۆرانییەتی دەکات.. جگە لەوەی ئەو وەختە بۆ ناوچەی بەهدینان هیچ فەرق ناکات، چ لەگەڵ شاری میسل یان لەگەڵ هەولێر و سلێمانیدا بێت، بۆ وان هەر یەکە، چونکە چەمکی کوردایەتیش بەرەبەرە کز و وەک دارکەبامیە لاواز دەبێت و بۆی هەیە ناوی کوردستانیش گۆڕینی بەسەردا بێت.

ئەگەر ئەم پەرەگرافەی داهاتوویش کە ڕۆژنامەی ( ئەڤرۆ ) لە گەڵ هەمان خەبەری کە بڵاوی

کردووەتەوە، بخوێنیتەوە، ئەوسا بێی هیچ دوودڵییەک بیرت بۆ ئەوە دەچێ کە هەرگیز کوردی دەڤەری بادینان و سۆران، هاوخوێن و هاوخەبات و هاوئامانج نەبوونە، بەڵکوو پێوەندی وان لەگەڵ یەکدیدا وەک پێوەندی وان بووە لەگەڵ عەرەب و تورک و فارسدا، واتا ـ بێی هیچ موجامەلەیەک ـ میللەتی لە یەکترجودان : " دهێتە زانین کو هەتا قوناغا شەشی سەرەتایی، زاراڤێ کرمانجی گشت قوتابخانەیێن دەڤەرا بەهدینان دهاتنە خواندن و برپارە سال بو سالێ قوناغێن خواندنا زاراڤێ کرمانجی زێدە بن، هەتا دگەهیتە شەشێ ئامادەیی، لێ ئەڤە دو سالە زاراڤێ سورانی دگەل خواندنا سەرتایی تێکەل دکەن کو یا بویە جهی نزمبوونا ئاستێ زانستیێ قوتابیان ل دەڤەرێ.! ".

هەتا ئەگەر ماددەی 140 ی دەستوور تەگەرەی بێتە پێش، وەلێ قەت برِوا ناکەم جارێکی دیکە کورد ڕووبەڕووی کۆڕەوێکی ـ بگرە هەتا تاکڕەوێکی ـ تر ببێتەوە.. بەڵام ئەگەر ڕەوشی زمان و ئەم دەڤەر و ئەو دەڤەرە ئاوا برِوات، ئەوا کورد ئاوا لێک دوور دەکەونەوە، مەحاڵە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکدی بگرنەوە، مێژووی لەهجەکانی کە پاشان بوون بە زمانی سەربەخۆ، شایەدحاڵی ئەم ئیددیعایەن .. ئەگەر من بە جاهیل و نەفام تێدەگەن، هەڕوون لە زمانزانە تورک وفارس و عەرەبەکان بپرسن، بەتایبەتی ئەوانەی سیاسی و کاربەدەستان ـ لەم بارەیەوە ـ مەعلووماتیان لێ وەردەگرن.!

من ئەوەی هێورم دەکاتەوە، سووربوونی سەرۆکی کوردستانە لەسەر ئەو بەڵێنانەی دەیدا.. ئەو گفتەیش کە لە زانکۆی سەلاحەددینیدا دای بەوەی لە داهاتوودا خۆی بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی تەرخان بکات، ئەگەر بێتوو بێتە جێ، ئەوا هەم وەک جاران وەک یەک میللەت دەمێنینەوە، هەمیش ئەو وەک ڕەمزی یەکگرتنەوەی زمانی کوردی تا هەتایە یادی زیندوو دەبێت و وەک حەکایەت دەوترێتەوە.. ئەم کارەیش ـ لەم قۆناغەدا ـ بە ئەو نەبێت، بە هیچ کەس و کۆڕ و مەجمەعێک نایەتە دی.. تەحەددایش دەکەم.!